کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14-9-2007 18:35 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**گۆرانکارییە نوێکانی سیستمی فێرکاری ... فایەق سەعید**

بەشی 1 (5)

**بەرهەمهێنانەوەی زانست**

ماوەیەکی یەکجار زۆرە چ من چ ئەوانی دیکەش رەخنەی جیدی ئاراستەی سیستمی پەروەردەیی دەکەن. بۆیە لەبەرامبەر ئەم پرۆژە تازەیەی وەزارەتی پەروەردەدا حەز دەکەم لەزنجیرە وتارێکدا سەرنج و رەخنەکانی خۆم لەسەر ناوەرۆکی زانستی و پەروەردەیانەی پرۆژەکە بخەمەروو، بەبێ ئەوەی باس لەهەندێ لایەنی دیکەی پرۆژەکە بکەم؛ وکو زمانی دارشتن و ریزمان کەدەکرا زۆر باشتر بێت، چونکە لەدەرەوەی بواری منە. ئەمە نەك لەبەر ئەوەی من لەسەر زوربەی هەرە زۆری بابەتەکانم نووسیووەو داواکاری پیادەکردنی سیستمەمێکی لەم بابەتەم کردووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی تەواوی ئەم پرۆژەیە بەهەموو وردەکارییەکانیشەوە پرۆژەیەکی هاوچەرخەو هەنگاوێك لەسیستمەکانی جیهان نزیکمان دەکاتەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەم پرۆژەیە لەزۆر شوێندا کاریگەری سیستمی فێرکاری هەندێك لەوڵاتە ئەوروپییەکانی پێوە دیارە کەمن لەشوێنی خۆیدا دەسنیشانی دەکەم. بەئەگەری زۆریش ئەم گۆرانکارییانە گرفتی زۆر دەخەنەوە ئەمەش لەهەموو جیهاندا کارێکی ئاساییە. بۆ نموونە لە 1980 دا کەسیستمی فێرکاری سوید گۆرا بوو بەگەرەلاوژێیەك ئەوسەری دیار نەبوو. بۆیە دەبێ وەزارەت ئامادەکاری پاش بکات و قوتابخانەکانیش دان بەخۆیاندا بگرن.

یەکەمین خاڵی پۆزەتیف ئەوەیە کەماوەی ساڵێك بۆ ئەم پرۆژەیە دانراوەو دوای ئەوە وەزارەتی پەروەردە دەست بەلێکۆڵینەوە دەکات بۆ ئەوەی لەلایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکان دەسنیشان بکات. لەوانەشە ئەم هەنگاوە تەندروستە ببێتە هۆی هەندێك گۆرانکاری نوێ لەپرۆژەکەدا. من پێشنیاری ئەوە دەکەم چەند لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ساز بدرێن کەپشتیان بەلێداونەکانی مامۆستایان و خوێندکاران بەستبێت و لەکۆنگرەیەکی بچوکدا ئەنجامی ئەم پرۆژەیە بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

لەپێشەکی ئەو پرۆژەیەدا ئاماژەی بەپرۆسەی دیموکراسی، گلۆبالیزم، ئەندامی پاسیف و چالاك، یەکسانی، تایبەتیزەکردنی وانەووتنەوە، رێزگرتنی هاوتەریب، لێبوردەیی و... هتد کراوە کەتێرمی زۆر گرینگن و بەشێکیان لەناو پۆلەکاندا و لەرێگەی شێوازەکانی وانەووتنەوەوە دێنە دی کەلەم پرۆژەیەدا ئاماژەی جیدی بۆ نەکراوە. بەڵام ئایا وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت جێگای ئەو تێرمانە لەژیانی رۆژانەدا بکاتەوە؟

پێشەکی ئەم پرۆژەیە فاکتەری زۆر جیدی لەخۆ گرتووەوە بۆ بەدیهێنانی پێویستمان بەکاری جیدی و بەرنامەی دیکەش هەیە کەلەم پرۆژەیەدا باس نەکراون. بەڵام ئەوەش دەزانم ئەم پرۆژەیە خۆی لەقەرەی بابەتە بنەرەتیەکان داوەو هەنگاوی یەکەمە لەم بوارەدا. پرۆژەکە لەهەمان کاتدا ئاماژە بەهەندێ پرسی یەکجار گرینگ کراوە کەلەناو سیستمە رۆئاواییەکاندا کاریان پێدەکرێت، بۆ نموونە کاری قوتابخانە تەنها خوێندن نیە بەڵکو خۆشی و لەزەت وەرگرتنە لەخوێندن و لەقوتابخانە، هەروەها خوێندکار وەکو تاك، هەروەها خوێندکار کراوەتە ناوەند کەجەوهەری زۆر سیستمی رۆژئاوایی پێکدێنێت و وامان لێدەکات ئاراستەی شێوازی کارکردنمان لەگەڵ منالاندا بگۆرین. بەهەمان شێوە نەهێشتنی هەراسانکردن، گۆرینی گۆشەنیگای ئێمە بۆ ئەزموونەکان لەوەی کەئەزموونەکان ئامرازێکن بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندکاران بۆ ئەوەی ئەزموونەکان پێوەری کۆنترۆڵکردن نین بەڵکو یەکێکن لەپێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و بەدواچووندا. ئەم تێروانینە تازەیە وای لەپرۆژەکە کردووە کەمیکانیزمی نوێ بۆ تاقیکردنەوەکان دابنێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هاوكات لەپێشەكیەكەدا هاتووە كە ((خوێندن و پەروەردە بریتیە لەگەیاندنی زانست، كلتور، زمان و بەها بنەماییەكانە لەنەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر. قوتابخانە لەگەیاندنی بەرپرسیارێتی دا هاوكارو پشتگیری ماڵەوەیە)) . لەم بڕگەیەدا دوو هەڵەی گەورە بەدی دەكەم كەنەدەبوو لەپرۆژەیەكی وا گرینگدا بێنە ئاراوە. یەكەم بەهیچ شێوەیەك ئەركی پەروەردەو خوێندن یەك نیەو دەكرا ئەركەكانیان لەدوو رستەی جیاوازدا بنووسرایە. دواتر و ەركی قوتابخانەو خوێندن ئەوە نیە زانست بگەیەنێت، چونكە بۆ ماوەی 30 ساڵیش دەبێت قوتابخانە پێشكەوتووەكان زانستەكان بەرهەم دێننەوە نەك دەگوازنەوە. لەنیوەی یەكەمی سەدەی رابردووەوە هەندێك نووسراو هاتنە ئاراوەوەو لەحەفتاكانیش بەدواوە بەلێشاو پەروەردەناسەكان نووسینیان لەسەر بەرهەمهێنانەوەی زانست بڵاوكردۆتەوە. گرفتەكە لێرەدا گۆرینی دوو ووشە نیە، گەیاندن یا بەرهەمهێنانەوە، بەڵكو ئەو دوو ووشەیە دوو تێرمی گرینگن و مانای دوو تێروانین جیاواز بۆ سیستمی فێركاری جیاواز دەگەیەنن. بەشێوەیەكی دی گوزارش لەدوو قۆناغی جیاواز دەكەن. ئێمە ئەگەر بڕوامان بەبەرهەمهێنانەوەی زانست نەبوو مانای وایە كار بۆ گۆرینی لایەنێكی گەورەی سیستمی فێركاری خۆمان ناكەین كەپێش هەموو شتێك پەیوەندی بەدیداكتیكەوە هەیە. لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژەیەش هاوچەرخەو لەسەرەتای هەزارەی سێیەمدا دێتە ئاراوەو باس لەگۆڕانی بنەرەتی سیستمی پەروەردەیی و فێركاری دەكات بۆیە نەدەبوو ئەو هەڵەیەی تێدا بوایە. هاوپەیوەند بەگەیاندنی زانست لەچەند دێرێكی پێشتردا نووسراوە ((ئەركی قوتابخانە گەیاندنی زانستە بەقوتابی)) .

هەروەها لەشوێنێكی دیكەدا نووسراوە ((قوتابخانە دەرگای بیركردنەوە، داهێنان و دەستپێشخەری بۆ قوتابی ئاوەڵا دەكات و بواری ژیانێكی سەربەخۆی بۆ دەرەخسێنێت)) . من پێم وایە داهێنان و دەسپێشخەری لەلای خوێندكاران لەگەڵ گەیاندنی زانستدا یەك ناگرنەوە، بۆیە من وای دەبینم بەرهەمهێنانەوەیە زانست نەك گەیاندنی دەبێتە هۆی داهێنای خوێندكاران. ئەمەش وەڵامێكە بۆ ئەوەی بۆچی تاوەكو ئێستا خوێندكاری كورد داهێنەر نیە.

هاوپەیوەند بەنیوەی دووەمی ئەو پەرەگرفەی سەرەوە راستە لەواقیعی ئەمرۆدا قوتابخانە هاوكارو پشتتیوانی ماڵەوەیە، بەڵام لەهەر پرۆژەیەكی هاوچەرخدا ناكرێ ئەم رۆڵە قبوڵ بكەین. بەڵكو دەبێ ئەو رستەیە سەرەوە بەپێچەوانە بێت، واتە قوتابخانە دەبێ رۆڵی پێشرەو ببینێت و رێگە بۆ خێزانەكان دەسنیشان بكات، یا بەشێوەیەكی دی ماڵەوە دەبێ پشتیوان و هاوكاری قوتابخانە بێت.. من وا لەو نیوە دێرە تێدەگەم كەقوتابخانە یارمەتی خێزانەكان دەكات نەك بەپێچەوانەوە.

faiekk@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.